ئەدەب و کولتوور ڕووداو

# جوبرائیل فیلمە کوردییەکان دەگەیەنێتە ئیتاڵیا



■ ئا: لیزا محەممەد

هونەرمەندی سینەماکارو دەرهێنەری کورد جوبرائیل ئەبوبەکر دەبێتە نوێنەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی فێستیڤاڵێکی سینەمایی نێودەوڵەتی و لە ڕێگەی ئەوەوە فیلمەکان دەگەنە ئیتاڵیا.

دەرهێنەر جوبرائیل ئەبوبەکر لەبارەی نوێنەرایەتیکردنی ئەو فێستیڤاڵە، ڕایگەیاند: "لەلایەن فێستیڤاڵی کالات نیسای سینەمایی کە لە ئیتاڵیا بەڕێوەدەچێ، وەک نوێنەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی فێستیڤاڵەکە دەستنیشانکراوم".

گوتیشی: "فیلمەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەڕێگەی منەوە دەنێردرێن بۆ ئەو فێستیڤاڵە".

جوبرائیل ئەبوبەکر داوای لە دەرهێنەرانی سینەمایی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی و هەرێمی کوردستان کرد ئەوانەی کە خوازیارن فیلمەکانیان لەو فێستیڤاڵەدا بەشداری بکات، پەیوەندی پێوە بکەن و فیلمەکان بنێرن تا هەلی بەشداریکردنیان لەو فێستیڤاڵەدا بۆ بڕەخسێت.

ساڵی پار و لە 26ی ئایاری 2018 دا فیلمێکی دەرهێنەر جوبرائیل ئەبوبەکر بەناوی (Ailan) بەشداری خولی ئەو ساڵەی فێستیڤاڵەکەی کرد و لە کۆتایی فێستیڤاڵەکەدا خەڵاتی باشترین فیلمی پێ بەخشرا.

فیلمی (Ailan) بە سپۆنسەریی زانکۆی نۆڵج بەرهەمهێنرا و لەنێو 437 فیلم کە بە نوێنەرایەتی 60 وڵاتی جیهان بەشداریی فێستیڤاڵەکەیان کردبوو، خەڵاتی باشترین فیلمی پێبەخشرا.

چیرۆکی فیلمەکە باس لە ئالان کوردی دەکات کە لە سووریاوە لەگەڵ خێزانەکەی ئاوارەی تورکیا دەبن و لەکاتی پەڕینەوەیان بۆ یۆنان بەلەمەکەیان تێکدەشکێ.

دوایین فیلمی سینەمایی دەرهێنەر جوبرائیل ئەبوبەکر فیلمێک بوو بەناوی (بێدەنگیی ئاسمان) کە لە کەمتر لە ساڵێکدا لە 54 فێستیڤاڵی سینەمایی بەشداری کرد و چەندین خەڵاتی بەدەستهێنا.

جوبرائیل ئەبوبەکر ڕەحمان لەدایکبووی ساڵی 1983ی هەولێرە و لە ساڵی 2010 وە کاری دەرهێنانی سینەمایی دەکات.

## چیرۆکەکان دەکرێنە ئینگلیزی

# 18 چیرۆکی نەجیب مەحفووز دۆزرانەوە

■ ئا: بژار حەکیم

ژمارەیەک چیرۆکی ونبووی ڕۆماننووسی میسری خاوەن خەڵاتی نۆبڵ نەجیب مەحفووز لە سندووقێکی تایبەتی ئەرشیفەکانیدا دۆزرانەوە. ڕۆژنامەڤانی بەناوبانگی میسری محەممەد شوعەیر بە ڕۆژنامەی گاردیانی بەریتانی ڕاگەیاند، لە ماڵی ئوم کەلسووم ی کچی نەجیب مەحفووز دا 50 چیرۆک بەدەستنووسی خۆی دۆزراونەتەوە. بەشێکیان بەر لە کۆچی دوایی نەجیب مەحفووز، لە گۆڤارەکاندا بڵاوکرابوونەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا 18 چیرۆکیان بڵاونەکراونەتەوە.

بەپێی ڕاگەیێندراوێکی خانەی ساقی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، لە پاییزی ئەمساڵدا بەشێک لەم چیرۆکانە بە زمانی ئینگلیزی چاپ و بڵاودەکرێنەوە.

محەممەد شوعەیر ئەم چیرۆکانەی لەنێو سندووقی تایبەتی ئەرشیفەکانی نەجیب مەحفووزدا دۆزییەوە، کاتێک کچەکەی ئەم سندووقەی پێ بەخشیبوو.

نەجیب مەحفووز لەو کاتەی بەربژێر کرابوو بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ، ئەم سندووقەی بەئەمانەت ڕادەستی کچەکەی کردبوو بۆ ئەوەی لای خۆی بیپارێزێ.

مەحفووز لە ساڵی 1988 خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی وەرگرت. خاوەنی 34 ڕۆمان و 350 کورتە چیرۆک بوو.

ئەم نووسەرە ناودارە ساڵی 1911 لە قاهیرە لەدایک بووە، بڕوانامەی لە فەلسەفە وەرگرتووە. لە نێوەڕاستی سییەکان دەستی کردووە بە نووسین و ساڵی 1936 یەکەم چیرۆکی خۆی بڵاوکردووەتەوە. لە ساڵی 1945 زیاتر پەرەی بە بەهرەی نووسینی چیرۆک داوە و لە ساڵی 1950 چیرۆکی کورەکانی گەرەکەکەمانی نووسی.

بەشێکی زۆری چیرۆکەکانی نەجیب مەحفووز کراون بە دراما و فیلمی سینەمایی لە میسر و ساڵی 20016 بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کرد.

نەجیب مەحفووز ساڵی 1988 بووە براوەی خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئەدەب و تاوەکو ئێستا یەکەم نووسەری عەرەبە ئەم خەڵاتەی وەرگرتبێت. بەشێکی زۆری چیرۆک و ڕۆمانەکانیشی بۆ زمانە زیندووەکانی جیهان وەرگێڕدراون.



# شوان عەتووف فیلمەکەی نمایش دەکات



■ ئا: سەرباز سیامەند

دەرهێنەر و ئەکتەری دیاری کورد شوان عەتووف، کۆتایی بە کارەکانی فیلمی (پەیکەری دڵ) هێنا کە خۆی کاری دەرهێنانی بۆ کردووە و ئێستا ئامادەکاری دەکات بۆ نمایشکردنی لە سینەماکانی کوردستان.

شوان عەتووف بە (ئەدەب و کولتووری ڕووداو) ی ڕاگەیاند، فیلمی (پەیکەری دڵ) یەکەمین ئەزموونی بەرهەمهێنانی فیلمی درێژی منە کە بەرهەمی کۆمپانیای کام پرۆدەکشن و میترۆنیۆم پرۆدەکشنە"

فیلمەکە لە سیناریۆ و دەرهێنانی شوان عەتووف و چیرۆکی عەبدولغەفار عەبدوڵلا و سیناریۆی لوقمان سوخەندەرە.

شوان عەتووف گوتیشی، بەرهەمهێنانی فیلمەکەی تەواو بووە و سەرەتای مانگی ئایاری ئەمساڵ لە سینەماکانی کوردستان و عێراق نمایش دەکرێت و پاشان فیلمەکە بۆ فێستیڤاڵە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان دەنێردرێت.

# پەرتووکی 10 شاعیری هەولێر بڵاودەکرێنەوە




■ ئا: ئەدەب و کولتوور

لە پرۆژەیەکی ئەدەبیدا پەرتووکی 10 شاعیری هەولێر بڵاودەکرێنەوە و لە ڕێوڕەسمێکدا پەرتووکەکان دەناسرێن و بۆ خوێنەران واژۆ دەکرێن.

بڕیارە سەعات 4ـی ئێوارەی ئەمڕۆ دووشەممە 18ـی ئاداری 2019 لە هۆڵی ڕۆشنبیری لە هەولێر، لە ڕێوڕەسمێکدا پەرتووکی نوێی 10 شاعیری هەولێر بڵاوبکرێنەوە. ڕێوڕەسمەکەش لەژێر ناونیشانی "شیعر ژانری هەموو زەمەنەکان" دەبێت

پەرتووکە شیعرییەکان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی چالاکی وێژەیی هەولێر و لە چوارچێوەی فێستیڤاڵی نەورۆز و ئازادیی هەولێر چاپکراون و ئێوارەی ئەمڕۆ بە ئامادەبوونی شاعیران، بە خوێنەرانی شیعر دەناسرێن و دوایی لەلایەن شاعیرەکانەوە واژۆ دەکرێن.

شاعیرەکان بریتین لە سالار عوسمان، ئیسماعیل بەرزنجی، زانا خەلیل، جەلال بەرزنجی، ڕێدار سابیر، هۆشەنگ شێخ محەممەد، ڕزگار جەباری، محەممەد باوەکر، فەرمان ساڵح و بژار حەکیم. لە ڕێوڕەسمەکەدا هونەرمەند (برادەر) بەشداری دەکات و چەند گۆرانییەک پێشکەشدەکات و دوایی نووسەر و ڕەخنەگر (دڵشاد عەلی) گوتارێکی ڕەخنەیی پێشکەشدەکات.

## نامە ئەکادیمییەکان

# بەها ستاتیکییەکانی شیعر لای پیرەمێرد، شێخ نووری شێـ

هەرێم عوسمان



مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی

ئەمە ناونیشانی نامەیەکی ماستەری (ئاسۆ عومەر)ە کە بە سەرپەرشتی (پ.ی.د. کەمال مەعروف) ساڵی (2007) پێشکەشی زانکۆی سەلاحەدینی کردووە. نامەکە بە میتۆدی (شیکاری رەخنەیی) شیعری هەرسێ شاعیری هەڵسەنگاندووە، ئەمەش لەسەر بنەمای پێنج بەهای ستاتیکی: (زمانی شیعری، مۆسیقای شیعری، وێنەی شیعری، رەمز و ئەفسانە) کە ئەم پێنج بەهایەش بەشی دووەم و سێیەمی نامەکەی بۆ تەرخانکراوە، بەشی یەکەمی نامەکەش پێکهاتووە لە:

بەشی یەکەم:

بەشێوەیەکی تیۆری باسی چەمکەکانی بەها و ستاتیکا و پەیوەندی نێوانیان دەکات، دواتریش چەمکی جوانی و دزێوی، جوانی سروشتی و جوانی هونەری شی دەکاتەوە، هەر لەم بەشەدا گەشەسەندنی مێژووی ستاتیکا لە قۆناغ و رێبازە ئەدەبییە جیاوازەکاندا دەخاتەڕوو. مەبەست لە بەهای ستاتیکی بەدەستهێنانی گونجان و رێکخستن و جوانییە لە کاری هونەریدا، بەها ستاتیکییەکان زۆرن و بەپێی چێژ و تێڕوانین و سەردەمەکان دەگۆڕێن. وشەی ستاتیکا یەکەمجار لەلایەن زانای ئەڵمانی بۆمگارتن لەساڵی 1735 لە کتێبی (Aesthetic) بەکارهاتووە، کە واتا سەرەکیەکەی بریتیە لە زانین بەهۆی هەستەوە [زانینی هەستی]، لە مێژووی ستاتیکادا دوو تەوژم هەن کە یەکیان ستاتیکا لە مرۆڤ دادەبڕێ، ئەویتریان پێوەی دەبەستێتەوە لە پێناوی گۆڕینی ستاتیکا بۆ مرۆڤناسی. ئەم زانستە تەنیا جوانی ناپێوێ، بەڵکو لە دزێویش دەکۆڵێتەوە، وەکچۆن لێکۆڵینەوە لە جوانی سروشتی و بەدیهێنراو [هونەری]ش دەکات کە سروشت یەکەمین سەرچاوەی جوانیە و هونەریش لاساییکەرەوەی ئەم جوانییە، بەڵام جوانیی هونەری داهێنراوە، سروشت مەرج نییە خۆی جوان بێ، هونەر و توانای هونەرمەندە کە شتە دزێوەکانیش جوان دەکات، هاوکات ئۆگۆستین سروشت بە کاری هونەری خوا و خواش وەک هونەرمەندی بوونەوەر دەبینێ. تێڕوانینی فەیلەسوفان بۆ چەمکی جوانی جیاوازە، هەندێکیان جوانی بە نەگۆڕ و رەها دەزانن، هەندێکیشیان بە خودی و رێژەیی کە چێژی مرۆڤ دەکەنە بنەما. لایبنتز دەڵێ: جوانی تنۆکێکە لە زەریای خوادا، یان لە سەدەکانی ناوەڕاست پێیانوابوو پێویستە رۆح پەروەردە بکرێ تا ببێتە شوێنێکی پیرۆز بۆ خوا، هەروەک لە یۆنانی کۆندا جەخت لەسەر جوانی رەوشتی و رۆحی دەکرایەوە، لە ستاتیکای سەردەمی رۆشنگەریی ئینگلیزدا جەخت لە سۆز و واقیع و ئەزموونی مرۆڤ دەکرایەوە کە هونەر وەک رێبەر و رێنوێنیکەری رەوشتە بەرزەکان بینراوە، بەڵام لە ستاتیکای رۆشنگەری ئەڵمانیدا زیاتر روویەکی فەلسەفی وەرگرت، شیلەر جوانی وەک وێنەی ئاشکرای حەق دەبینێ و پێیوایە گەیشتن بە ئازادی تەنها لەرێگەی جوانیەوە دەبێت، هەروەک کانت چەمکی سوود و جوانی لەیەک جیادەکاتەوە و هیگڵیش جوانیی هونەری بەرزتر لە جوانی سروشتی دەبینێت. هاوکات لە ئەدەبیاتی کلاسیزمدا روونی و ئاشکرایی و هارمۆنیەتو گونجانی بەرهەمی هونەری لەگەڵ دابەکانی کۆمەڵگە بنەمای بەرهەمی هونەری و ستاتیکان، بەڵام لە رۆمانسیزمدا ئازادیی تاکو ئەندێشە و خەیاڵ و هەست و سۆز بنەمان. لای پەرناسەکانیش هونەر بۆ هونەر کە دژوەستانەوەی دیدی هونەرە بۆ سوودخوازی بنەمایە، بۆیە زیاتر بایەخیان بە فۆرم و کەمتر بە ناوەڕۆک دەدا، هەروەک سیمبولیستەکان دژی واقیع وەستانەوە و بە فریودەریان دەزانی، لەناخی خۆیاندا بەدوای حەقیقەتدا دەگەڕان، بۆیە هەوڵیاندا کێش و سەروا تێکبشکێنن؛ کە ئەمەش وایکرد شیعری ئازاد لەدایکبێت. لە کۆتاییشدا توێژەر بۆچوونە هاوچەرخەکان بۆ ستاتیکا کە بریتین لە بۆچوونی کرۆچە، سارتەر و کامۆ دەخاتەڕوو.



بەشی دووەم:

زمان لە شیعردا هۆ و ئامانجیشە، بۆیە شاعیر لە رێگای جیهانبینی و بەهرەی خۆیەوە زمان بەکاردەهێنێ نەک بەشێوە رۆژانەییەکەی، یاکۆبسن زمانی شیعر بە هێرشی رێکخراو و شارەزایانە بۆ سەر زمانی رۆژانە ناودەبات، یوری لۆتمان لێکۆڵینەوەی شیعر لە یاسا زمانییەکاندا دەبینێتەوە. لێرەوە توێژەر سێ ئاراستەی جیاوازی بەکارهێنانی زمان لە شیعری کوردیدا باس دەکات کە شاعیرانی توێژینەوەکەی پەیڕەویان کردووە، قۆناغی یەکەم لاساییکردنەوەی زمانی شاعیرانی کلاسیکە کە زمانێکی تێکەڵە و هەرسێ شاعیر لەسەرەتای دانانی شیعردا زمانی شیعرەکانیان تێکەڵە، پیرەمێرد لە سەرەتاوە تا کۆتایی تەمەنی زمانی شیعرەکانی تێکەڵە، بەڵام شێخ نووری و گۆران بەپێچەوانەوە توانییان بەرەو زمانی پەتی بچن، بەتایبەت گۆران. قۆناغی دووەم کە کاریگەربوونە بە ئەدەبیاتی تورکی، شێخ نووری و گۆران بە زەقی ئەم کاریگەرییەیان پێوە دیارە، بەڵام پیرەمێرد کەمتر، شێخ نووری لەژێر کاریگەری ئەم ئەدەبەدا دەستی بە نوێکردنەوەی شیعری کوردی کرد، بۆ نموونە لە شیعری (عیلمت میللەت) دا دەڵێ:

واسیتەی عیلمە کە (قولومب) ناوی دایم زیندووە
واسیتەی عیلمە کە (واسقۆ) کەشفی هیندستان ئەکا

هەردوو وشەی (قولومب، واسقۆ)ی لە تورکییەوە وەرگرتووە.

لە قۆناغی سێیەمدا کوردی پەتی لای هەرسێ شاعیر دەبینرێ، بۆیە قۆناغە نوێیەکە پێویستی بە زمانێکی نوێ هەبووە، بۆ نمونە پیرەمێرد لە شیعری (من و ئەستێرەکان) دا دەنووسێت:

وەک من بەداخەوەن، نە سرەوتیان هەیە نە خەو
چەند ساڵە ئاشنای شەوی بێداری یەکترین
وەک سەرسەرین، شەوێ سەرناکەینە سەرسەرین
من خوار و ژوور لەدەستچووەکەی بێوڵەت ئەوان
وەک خێڵی خوار و ژوورکەری کورد، وێڵی ئاسمان

ناوەڕۆکی شیعرەکە هەڵقوڵاوی کوردەوارییە و زمانەکەشی زمانی سادەی خەڵکە. یاخود لە شیعری (بۆ شەهیدانی 24 ی ئایار)دا سێ شێوەزاری (کرمانجی خواروو، ژوور و گۆران)ی بەکارهێناوە. گۆرانیش بەچڕی زمانی خاوێن کردەوە و سوودی لە فۆلکلۆریش بینی. سەبارەت بە مۆسیقای شیعرەکانیشیان لەڕووی کێشەوە هەر سێ شاعیر سێ جۆر کێشیان بەکارهێناوە:

١- کێشی عەرووزی عەرەبی.
٢- کێشی سیلابی خۆماڵی.
٣- تێکەڵکردنی هەردوو کێش.



# گێڕانەوەی فەلسەفی لە ئوستوورەکانی یۆنانی کەونارا

# دیاریی ئەسینا بۆ یۆنان

میشێل پیکماڵ

وەرگێڕانی: کیشوەر پیرۆتی

ئەسینا خوالەی ئەقڵ بوو، پۆسایدنیش خودای دەریا بوو. جارێکیان کێشە کەوتە نێوانیانەوە. لە یۆنان هەر ناوچەیەک خودایەکی پارێزەری تایبەت بە خۆی هەبوو کە خەڵکی ناوچەکە ستایشیان دەکرد. ئەسینا و پۆسایدنیش هەردووکیان دەیانویست خودای پارێزەری ئاتێکا بن کە بێگومان جوانترین ناوچەی یۆنان بوو.

زیوس کە وای پێ باش بوو لەم دەمەقاڵەیەدا لایەنی هیچکامیان نەگرێت، ئەمری بە سیکیوریس، پادشای دادپەوەر و چاکەکاری ئەو ناوچانە کرد نێوبژیوانیی ئەو دووە بکات.

سیکیوریس، لەبەر ئەوەی دوودڵ بوو، بەپەلە بڕیاری نەدا. ڕاوێژکارەکانی خۆی کۆکردەوە و بە هەموویان بڕیاریان دا، دەنگ بەو کەسە بدەن کە بەسوودترین دیاری پێشکێش بکات. هەر بۆ کەسێکی لەو جۆرە، پەرستگە و پەیکەریان ساز دەکرد.

پۆسایدن خێرا قولاپە سێچوکڵەکەی خۆی لە هەرد ڕۆ کرد و کانیاوێکی سوێر لە زەوی هەڵقوڵی. ئەو، زرێوارێکی گەورەی وەک دیاری بە خەڵکی ئاتێکا بەخشی کە دەیانتوانی مەلە و وەرزشە ئاوییەکانی تێدا بکەن. پاشان بۆ پتەوکردنی کارەکەی، ئەسپێکی بەهێزی ڕەشی پێشکێش بە پادشا سیکیورپس کرد. دواتر قولاپەکەی کۆکردەوە و بزەیەکی سەرکەوتووانەی هێنایە سەرلێو. ئەسینا، سەرەتا زۆر دەستپڕ نەبوو، دیارییەکی ئەوتۆی پێ نەبوو. ئەو، ئەنگوستی خۆی لە زەوی ڕۆ کرد و درەختێکی لە زەویدا ڕواند؛ درەختێک کە نێوقەدەکەی گرێگرێ بوو، ئێستا پێی دەڵێن درەختی زەیتوون.

ئەسینا ڕووی لە هەمووان کرد و گوتی: "ئەم درەختە لە چلەی زستانیشدا گەڵاکانی ناوەرن. میوەی ئەم درەختە خواردنتان بۆ دابین دەکات و ناوبانگی بە سەرانسەری دنیادا بڵاودەبێتەوە، چونکە هێمای ئەو بەروبوو و ئاشتەواییەیە کە هیوادارم هەموو دەمێک لە بەردەستی مرۆڤەکاندا هەبێت."

سیکیورپس، پادشای دادپەروەر و چاکەکار بەخێرایی ڕووی کردە خوالە و داوای لێ کرد، بیانپارێزێت. کشتوکاڵ خۆراکی مرۆڤی دابین دەکرد؛

# "زێوەر" و نووسینەوەی بیرەوەری

سەنگەر زراری



مێژووی نووسینەوەی بیرەوەری لە ئەدەبیاتی کوردیدا درەنگ دەستپێدەکات و بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە. زێوەری شاعیر یەکێکە لەو نووسەرانەی کە هەر زوو هەوڵی نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی خۆی داوە، لەکاتێکدا ئەوکات هێشتا نووسینەوەی یادەوەری نەهاتبووە ناو ئەدەبیاتی کوردییەوە، بەڵام ئەم یادەوەرییانەی زێوەر (گەنجینەی زێڕینی زێوەر) (1) سەرەڕای ئەوەی بەتەواوی باسی ژیانی خۆی نەکردووە و بە کەموکورتی جێیهێشتووە، هەندێکیشی لێ فەوتاوە، وەکو مامۆستا محەممەدی مەلا کەریم دەڵێت: "لە سەرەتاوە دوو لاپەڕە و لە ناوەڕاستەوە دوو لاپەڕەی تر و لە دواییشەوە نازانم چەند لاپەڕەی لێ فەوتاوە، لەبەرئەوە نازانرێ زێوەر خۆی چی ناوناوە و بە چ مەبەستێک نووسیویە..." (2).

لەم یادەوەرییانەدا زێوەر باسی ئەو چەند رۆژەی دەربەدەریی خۆی دەکات پاش تێکشکانی دامودەزگاکانی حکوومەتەکەی شێخ مەحموود و بەدیلگیرانی شێخ لەلایەن ئینگلیزەوە. بەهۆی بزربوونی لاپەڕەکانی سەرەتا و کۆتایی، دیار نییە زێوەر لەکوێوە دەستیپێکردووە و لە کوێ کۆتایی پێهێناوە. بۆیە ئەوەی کە ئێستا لە یاداشتەکانی زێوەر ماوەتەوە، چەند لاپەڕەیەکی کەم و سنووردارە، ئەمە جگە لەوەی لە شوێنی دی لەملاوئەولا بە چەند لاپەڕەیەکی پچڕپچڕ باسی ژیانی خۆی دەکات.

یاداشتەکانی زێوەر بەشێوەیەکی زۆر سادە گێڕدراونەتەوە و هیچ هونەرکارییەکی تێدا نییە، هەر بۆیەشە وردیی لە نووسینەوەی یادداشتەکاندا نییە، هەرچەند خۆی دەڵێت: "لەم بەیاناتە مەقسوودم زەم و مەدحی کەس نییە، هەرچی ڕاستە و بەچاوی خۆم دیومە، نووسیومە" (3). یان دەنووسێت: "مەخسەدم لە نووسینی ئەم تەئریخە بچکۆڵەیە، بەیانی ئەحواڵی عەشیرەت و میللەتی کوردە، بەو موناسەبەوە واقیعاتی خۆشم نووسیوە" (4). بەڵام لە هەندێ شوێن زۆر بەڕەهایی قسە دەکات و ڕاستی و بابەتیبوونی پێوە دیار نییە، بۆ نموونە لە شوێنێکدا لەبارەی عەشیرەتێکەوە دەنووسێت: "گەڵباخی عەشیرەتێکی کوردە لە ئەترافی سنە، زۆر بەدەست و ئازا، مع التاسف، ئەوانیش وەکو باقی عەشیرەتانی کورد هەموو جەردە و ئەشقیان" (5). دەبینین لێرەدا زۆر بەڕەهایی هەموو عەشیرەتانی کورد بەبێ هەڵاوێر دەخاتە ڕیزی جەردە و ئەشقیا و کەسانی خراپەکارەوە، لە شوێنی دیکەی یادداشتەکەشدا ئەم جۆرە دوان و قسەکردنە ڕەهایە دەبینرێ.


ئەم کرچوکاڵییەی لە نووسینی یادداشتەکەدا هەیە، وەکو محەممەدی مەلا کەریم دەڵێت، بەهۆی ئەوەیە کە "زێوەر یەکێکە لەو بنووسە کوردانەی وەچەی یەکەمی نووسینی پەخشانی کوردیی نوێ، کە لەژێر تەئسیری پەخشانی تورکی و شێوەنووسینی عەرەبی و فارسیدا کوردییان نووسیوە. لەبەر ئەوە شتێکی سەیر نییە ئەگەر ناتەواوی لە شێوەی نووسیندا هەبێ و جاروبار لە پێڕەوکردنی گرامەری بەسەلیقە زانراوی کوردی لابدا و بکەوێتە هەڵەوە" (6)، وەنەبێ ئەم بێ سەلیقەییە لە نووسینی پەخشانئامێزدا تەنها زێوەری گرتبێتەوە، بەڵکو دکتۆر مارف خەزنەدار گوتەنی: وەکو شاعیرانی دیکەی ئەوکات "زێوەر لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا لەو شاعیرانەیە بەشداری لە پەرەسەندن و پێشخستنی بەرهەمی پەخشانی ئەدەبی کوردی کردووە، لەم بەرهەمە ئەدەبییانەیدا، زێوەر لە ڕووی داهێنانی هونەرییەوە نەگەیشتووەتە پلەی شیعرەکانی. ئەم دیاردەیە تەنیا لە زێوەردا نابینرێ، بەڵکو ئەو نووسەرانەی دەستیان لە شیعریش نەدەدا و بەرهەمیان تەنیا پەخشان بوو، نەگەیشتبوونە پلەی شاعیرەکان..." (7).

بۆیەشە، بەپێچەوانەی نووسینە پەخشانییەکانی، زێوەر لە شیعردا دەستێکی باڵای هەبووە، لەڕووی ناوەڕۆکی شیعرییەوە "بە دەسترەنگینی وەستایە، بە خەیاڵ داهێنەرە، بە چێژ هەستیارە، بیناسازێکە (میعمارێکە) لە وشەی پڕ ئاواز و ڕستەی بەساز و کێشی ئاسان و قافیەی سفت و پەیکەری بەرهەمێک دەتراشێ دەبێتە نموونەی داهێنراوێکی هونەریی بەرز" (8). تەنانەت: "زێوەر بەبێ شیعر نەژیاوە، لە دوو زەریادا مەلەوانی کردووە، یەکێکیان ئیلهامی وێنە و ڕووداو وەک بروسکەیەک لەناو دڵیدا هەڵقوڵیوە بۆ لای مێشک و بووە بە شیعر، ئەمە ئەو شیعرەیە کە داهێنراوی پێ دەوترێ، ئەویتریان بیری وێنە و ڕووداو وەک واقیعێک لە مێشکیدا هەڵقوڵیوە و وەک شنەبایەک بۆ لای دڵی چووە و بووە بە شیعرێکی پەروەردەیی بۆ فێربوون..." (9).

تەنانەت لەڕووی شیعرییەوە، مامۆستا عەلائەددین سەججادی ئاستی زێوەر ئەوەندە بەرز دەنرخێنێ کە پێیوایە "تاکی ترازووی لەگەڵ نالیدا ڕاست کردۆتەوە" و دەنووسێت: "زێوەر هەر لە دەوری منداڵیدا بێجگە لە دیمەنەکانی کوردستان و شاخی ڕەنگاوڕەنگی وەختی بەهاران، تاموبۆی شیعرەکانی مەولەوی و نالی لە هەموو دەمارەکانیا هاتووچۆیان کردبوو، دیوانی شاعیرە فارسەکانیش-کە ئەمانە بە حوکمی تەبیعەت بڵاوببوونەوە- شعووری عەبدوڵڵایان وا لێ کردبوو کە باوەش بە ئاسۆی شیعردا بکا، وایان لێ کردبوو پەیکەرێکیان لە دوورەوە بۆ دانابوو، ناویان نابوو هەیکەلی شیعر بۆ ئەوەی ئەو خۆی بۆ باوێژێ، جا بەم بۆنەوە لە پێشا هات زێوەری کرد بە ناوی شیعریی خۆی و خەیاڵاتی بەرزی، بە وتەی جوانی خۆی زێوەرارا کرد" (10).

دەستی باڵای زێوەر لە شیعرنووسیندا، بۆ هەموو بوار و ئاستێک بووە، ئەوکاتەی مامۆستای قوتابخانە بووە، زۆربەی وانەکانی بۆ قوتابیان کردووە بە شیعر، بۆ ئەوەی بە ئاسانی لەبەری بکەن و زوو فێر ببن، مامۆستا جەمال بابان لە بیرەوەرییەکانیدا باسی ئەوە دەکات کە ئەوکاتەی لە قوتابخانەی سەرەتایی بووە لە دێی بەرزنجە، مامۆستا زێوەر بەڕێوەبەری قوتابخانەکە بووە، ئەوە دەگێڕێتەوە کە چۆن زێوەر وانەکانی بۆ دەکردنە شیعری ڕەوان و ئەمەش دەبووە ئاسانکاری بۆ قوتابیان بۆ ئەوەی وانەکان لەبەر بکەن، هەروەها باسی زۆر کاری باشی زێوەر دەکات لە بواری پەروەردە و فێرکردن، بۆ نموونە قوتابخانەی شەوان: "بە هیممەتی زێوەر ئەفەندی قوتابخانەی (زانستی شەو) لە بەرزنجەدا کرایەوە، خۆی زۆر هانی خەڵکەکەی دەدا کە بخوێنن، لەڕاستیشدا ژمارەیەکی زۆر کۆبوونەوە و دەهاتن بۆ زانستی..." (11).

بەهەر حاڵ ئەم بیرەوەرییانەی زێوەر بەهۆی کەموکوورییەکانی، هەم لەڕووی ئەوەی کە بەشێکی زۆری فەوتاوە و هەم لەو ڕووەشەوە کە زمانێکی لاوازی هەیە، لەڕووی بابەتییەوە گرنگییەکی ئەوتۆی نییە، بەڵام لەو ڕووەوە گرنگە کە یەکێکە لەو هەوڵانەی لە سەرەتای نووسینی پەخشانئامێزی



# خ ساڵح و گۆران

پیرەمێرد زیاتر لە 40 شیعری بە کێشی عەرووز نووسیوە، شێخ نووری 131 و گۆرانیش 40 شیعر. سەبارەت بە سەرواش سوودیان لە (سۆنێتە)ی ئەوروپی بینیوە و چەند جۆرێک سەروایان بەکارهێناوە، لەوانە: (سەروای یەکگرتوو، جووت سەروا) هەرچی مۆسیقای ناوەوەی شیعرەکانیانە کە خۆی لە دووبارەکردنەوە و پاش و پێشخستن، هەڵبژاردن و... دەبینێتەوە، ئەوا هەرسێ شاعیر بۆ دروستکردنی ریتمێکی ناوازەی شیعری سوودیان لێوەرگرتووە.

بەشی سێیەم:

توێژەر سەرەتا باسی گرنگیی وێنەی شیعری دەکات، کە وێنە شیعرێکی بێدەنگە و شیعریش وێنەیەکە بەدەنگ دەردەبڕدرێ، بۆیە شاعیر هونەرمەندێکی وێنەکێشە بە وشە، خەیاڵیش رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە سازکردنی وێنەدا.

سەبارەت بە شێوازەکانی پێکهێنانی وێنەی شیعری لای هەرسێ شاعیر، توێژەر باسی سوودوەرگرتنیان لە لێکچواندن و خواستن دەکات، دواتریش باسی جۆرەکانی وێنە دەکات، وێنەی سادە، لێکدراو، چەسپاو، جوڵاو، وێنەی هەستی [بە هەموو جۆرەکانیەوە] و زەینی. لە وێنەی جوڵاودا نموونەی شیعری گۆران دەهێنێتەوە:

کانییەکی روونی بەر تریفەی مانگەشەو
لە بنیا بلەرزێ مرواری و زیخ و چەو
لەلای من جوانترە لە دەریای بێ سنوور
شەپۆلی باتە بەر تیشکی خۆر شڵپ و هوڕ

لێرەدا گۆران دوو وێنەی جوڵاوی کانی و دەریای نیشانداوە. دواتر توێژەر باسی (رەمز) و جۆرەکانی و هۆکارەکانی بەکارهێنانی دەکات. هەروەها پەیوەندی رەمز بە هەریەک لە نیشانە، ئیشارەت، تەمومژ، خوازە و خواستن و لێکچواندن دەخاتەڕوو، هاوکات چەند جۆرێکی رەمز لای هەرسێ شاعیر دەستنیشان دەکات لەوانە (رەمزی، کەسی، گشتی، ئەفسانەیی، ئاینی، کەلەپوری و مێژوویی). بەکارهێنانی رەمز بۆ ئەم سێ شاعیرە پەیوەست بووە بە هەرسێ لایەنی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ستاتیکا. لە کۆتا تەوەری کۆتا بەشی نامەکەشیدا توێژەر باسی ئەفسانە و جۆر و پەیوەندی ئەفسانە بە شیعرەوە دەکات، پیرەمێرد زۆرتر ئەو ئەفسانانەی بەکارهێناوە کە لە کەلەپوری کوردیدایە، وەک (دیوزاد، خدری زیندە، کێوی قاف، بووم، پەری، واق واق، بەڵقیس...) بۆ نموونە لە شیعری (کوردی رەوان) شاری سلێمانی بە بەڵقیس چواندووە:

بەیانی بوو، لە خەو هەستام کە روانیم بەفر باریوە
سلێمانی ئەڵێی بەڵقیسە، تارای زیوینی پۆشیوە

شێخ نووری لە چاو پیرەمێرد و گۆراندا کەمتر سوودی لە ئەفسانە بینیوە، بەڵام رەمزە ئەفسانەییەکانی وەک (برەهمند، قەڵای دێو، شەوکێڵ..)ی بەکارهێناوە. هەرچی گۆرانە ئەوا زۆر بەچڕی سوودی لە ئەفسانە بینیوە کە رۆحیەتێکی ستاتیکی، قوڵییەکی دەروونی و واتایەکی بەرزی بە شیعرەکانی بەخشیوە، بۆ نموونە کەریم شارەزا دەڵێ: گۆران ڕچەشکێنی ڕێبازی بەکارهێنانی نوێی ئەفسانەیە، گۆران چەندین کەرەسەی ئەفسانەیی جیاوازی بەکارهێناوە لەوانە: پێپلیکەی دێو، زیندانی ئەژدەهاک، ئەهریمەن، خێو، هوما، ڤینۆس، زوهرە، ئافرۆدیت..) لە شیعری نیازدا دەنووسێ:

ئەمجا ئەی یار، ئەی خواژنی عەشقم، ئەی ڤینۆس
ئەی هەیکەلی بەدەن لە عاج، توالێت ئابنووس،
هیچ نەبێ بۆ خاتری جاهی ئەپۆلۆ،
مەلی شیعرم مەیدان مەدە بکەوێ لە گۆ!

سیکیورپس کشتوکاڵ و ئاشتەوایی پێ باشتر بوو لەو جەنگ و یاریانەی پۆسایدن پێشکێشی کرد. ئەوجار گوتی: "ئەی خوالەی گەورە، ئەم وڵاتە پێشکێشی تۆیە. ئەم زەوییە هی تۆیە. ئێمە بۆ ڕێزگرتن لە تۆ، جوانترین شاری دنیا دروست دەکەین و ناوی لێ دەنێین، ئەسینا."

## شرۆڤەی فەلسەفی:

تاکە درەختێکی مۆجیزەئاسا کە خوالە دەیتوانی وەک دیاری پێشکێشی بکات، درەختی زەیتوون بوو. سەوزبوونی ئەو درەختە لە زستاندا و میوە بەسوودەکەیشی دەبێتە هۆی جیاوازبوونی لە درەختەکانی دیکە. لەبەر ئەمە جێی خۆیەتی کە یۆنان ئەو درەختە بە هێمای هێز و بەرگریی خۆی دەزانێت.

بەڵام پەیامی گرینگ و بنچینەیی ئەم ئوستوورەیە ئەوەیە کە سیکیورپس دیارییەکەی ئەسینای پێ لە یاری و ئەسپە بەهێزەکەی پۆسایدن باشتر بوو. ئەمە پەیامی بانگهێشتە بۆ دۆستایەتی و ئاشتی. شاری ئەسینا لەسەر بنەمای جەنگ و بەربەرەکانێ خوێناوییەکان بنیات نرابوو. ئیتر کاتی ئەوە هاتبوو دەسەڵاتی خۆی بخاتە ژێر سێبەری کشتوکاڵ و بازرگانییەوە. زەیتوون هێمای ئەم چالاکییە بوو. تەنانەت دەڵێن لە ئەسینا هەر ماڵێک کوڕیان هەبووایە، لقە زەیتوونێکیان بەسەر دەرکەکەیاندا شۆڕ دەکردەوە. لەم ئوستوورەیەدا ئاشتی، پێویستییەکە بۆ گەشەکردنی شارەکان.

ئەگەر سەرنج بدەینە ناوبانگی دواتری ئەسینا، دەتوانین بەو دەرەنجامە بگەین کە ئەسینا خودایەکی باشی بۆ پاراستنی خۆی هەڵبژاردبوو. لەبەر ئەوەی، هەرچەندە هەموو شارەکان خودای پارێزەری خۆیان هەبوو.. (هیرا، پارێزەری ئارگیوس.. ئارتێمیس، پارێزەری ئێفێسۆ، ...) بەڵام هیچیان شانازییەکانی ئەسینایان پێ نەبرا.

سەرچاوە:

**حکایت‌های فلسفی (اسطوره‌های یونان باستان)، میشل پیکمال، ترجمەی مهدی ضرغامیان، نشر آفرینگان، چاپ اول 1391، تهران.**

## سەرچاوە و پەراوێز:

1 - ئەم بیرەوەریانەی زێوەر، سەرەتا لە ساڵی (1985) بەناونیشانی "گەنجینەی مەردان و یاداشتی ڕۆژانی دەربەدەری" چاپ کرا، پاشان لە ساڵی (2012) بەم ناونیشانە چاپ کرایەوە: گەنجینەی زێڕینی زێوەر- ئامادەکردنی: مەحمود زێوەر، بەڕێوەبەریتی چاپ و بڵاوکردنەوەی زێوەر (2012).
2- گەنجینەی زێڕینی زێوەر...ل 13.
3- هەمان سەرچاوە...ل 220.
4- هەمان سەرچاوە...ل 232.
5- هەمان سەرچاوە...ل 209.
6- هەمان سەرچاوە...ل 15.
7- مێژووی ئەدەبی کوردی (بەرگی پێنجەم)- دوکتۆر مارف خەزنەدار، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دووەم (2010)..ل 240-239.
8- هەمان سەرچاوە...ل 244.
9- هەمان سەرچاوە...ل 272.
10 - مێژووی ئەدەبی کوردی- عەلائەددین سەججادی، بڵاوکردنەوەی کوردستان (انتشارات کردستان) سنە، چاپی دووەم (1395)ی هەتاوی...ل 511.
11 - گەشتێ بە ناخی تەمەندا (یاداشتنامە)- جەمال بابان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم (2007)..ل 20.



کوردییەوە بۆ نووسینەوەی یادەوەری دراوە.

زێوەر ناوی عەبدوڵڵای کوڕی محەممەد ئەفەندی کوڕی مەلا ڕەسووڵە، ساڵی (1875ز) لە سلێمانی لەدایک بووە، بەهۆی هاوسێیەتی، لە سەردەمی منداڵییەوە زێوەر ئاشنایەتی لەگەڵ ماڵی شێخ مەحموود هەبووە. سەرەتای خوێندنی لە قوتابخانەی ڕوشدیە بووە، پاشان بووەتە فەقێ و لە حوجرەی مەلا سەعید (خواجە ئەفەندی) خوێندوویەتی، لە مەریوان و بانە و سابڵاغ و هەولێر و کەرکووک خوێندوویەتی. لە ساڵی (1898ز) یەکێک بووە لە یاوەرانی شێخ سەعیدی حەفید کە سوڵتانی عوسمانی لە ئەستەنبوڵ میوانداری کردبوون، لە قوتابخانە جیاوازەکانی سلێمانی و دەوروبەری مامۆستا بووە، لەم ماوەیەشدا جارێک لەکار دوورخرایەوە و گەڕێنرایەوە سەر کارەکەی، تا لە ساڵی (1938ز) بەتەواوی لە مووچەخۆریی دوورخرایەوە. عەبدوڵڵا ئەفەندی، یا مەلا عەبدوڵڵا، وشەی "زێوەر"ی کردووە بە نازناو، ئەم وشەیە بە مانای جوان و جوانی دێت، واتا (جمال). لە کۆمەڵی تورکیی عوسمانی "زێوەر" بە وێنەی "زیوەر" ناوی کەسانە، بۆ پیاوان بەکاردەهێنرێ. زێوەر لە ڕۆژی 10ی تشرینی دووەمی 1948 لە سلێمانی کۆچی دوایی کردووە و لە گردی گۆڵان (جۆگە) بەخاک سپێردراوە.



# گێڕانەوە لە شانۆی فەلسەفیدا

**نیهاد جامی- پۆڵەندا**



بۆ ئەوەی بتوانین دەستنیشانی گێڕانەوە بکەین لەناو شانۆی فەلسەفیدا، دەبێت لە بنەڕەتدا لەوە تێگەیشتبین کە گێڕانەوە بۆ خۆی چییە؟ پەیوەندیی گێڕانەوە بە مرۆڤەوە دەکەوێتە چ ئاستێکی پەیوەندی؟ ئاخۆ گێڕانەوە پرۆسەیەکی زارەکیە و لە دەرەوەی نووسینە؟ یاخود نووسینەوەی ئاخاوتنە لەناو زماندا؟

لێرەدا ئێمە ئەوەی ڕاماندەگرێت، ئەوە گێڕانەوە نییە، بەڵکو ئەو پەیوەندیەی نێوان نووسین و ئاخاوتنە، هەڵبەت دوای ژەهرخواردکردنی سوکرات ئەو باسە بابەتێکی گرنگی فەلسەفەیە، ئەوەش لە دەرەوەی هەر پرۆسەیەکی فەلسەفی و هونەری باسێکە بۆ خۆی پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە بوونی مرۆڤەوە هەیە، کەوایە ئەوەی گرنگە دەبێت سەرەتا لەوە تێبگەین ئەو پەیوەندیە ڕاستەوخۆیە چییە کە گێڕانەوە بە ئێمەوەی دەبەستێتەوە؟ ئاخۆ ئێمە لەڕێگەی گێڕانەوە ئینتیما بۆ چ زەمەنێک دەکەین؟ ئایا ئەوە زەمەنی هەنوکەیە کە گێڕەرەوە قسەی تێدا دەکات یاخود ئەوە گەڕانەوەی ئێمەیە بۆ زەمەنی ڕووداو؟

پەیوەندیی گێڕانەوە بە مرۆڤەوە چۆنیەتی نووسینەوەی حیکایەتی سەرزارەکی بووە کە لە گێڕانەوەی زارەکیدا نەماوەتەوە و گوازراوەتەوە بۆ ناو نووسین، دوای مردنی سوکرات خوێندکارەکانی دەست دەکەن بە نووسین، ئەو ژەهرەی دەدرێت بە سوکرات، ئەوە کۆتایی ئاخاوتنە، نەمریی سوکرات دەنووسرێتەوە، نووسین لەدایکبوون و گێڕانەوەی چیرۆکی ژەهر خواردنەکەیە، ئەوە تەنیا نووسینەوەی مەرگ نییە، بەڵکو گێڕانەوەی کۆی پرۆسەی بیرکردنەوەیە وەک لە دەیالۆگە فەلسەفیەکانی ئەفلاتووندا دەیبینین.

کاتێک گێڕانەوە بوو بە نووسین، بەواتای نووسین لەڕێگەی یادەوەریی زمانەوە دەکەوێتە ناو زەمەنی ڕابردوو تا چیرۆکێک بگێڕێتەوە، ئەو گێڕانەوەیە بۆ نووسین بەتەنیا لەناو ئەفسانە و چیرۆکە کۆنەکان نایهێڵێتەوە، بەڵکو دوای فەلسەفە دەگوازرێتەوە بۆ ناو ژانرە جیاوازەکان کە ئەمڕۆ بەتەنیا ئەوە چیرۆک و ڕۆمان نین گێڕانەوە دەکەنە میکانیزمێکی سەرەکی زمان، بەڵکو ڕاپۆرتی ڕۆژنامەوانیش ڕاستەوخۆ پشت بە گێڕانەوە دەبەستێ، ڕۆژنامەنووسەکانیش هەوڵ دەدەن تەکنیک و شێوازی نوێ بۆ گێڕانەوە بگرنەبەر، ئەوەش بەمەبەستی بەجێهێشتنی کاریگەری لەسەر خوێنەر و بینەرەکانی، وەک چۆن ژانرەکانی تریش پێشتر هەمان کاریان کردووە، کەواتە گێڕانەوە زمانێکی گرنگی ئینتیماکردن و پەیوەندیی مرۆڤ بە ڕووداوەوە، ڕووداوگەلێک کە ڕوویداوە یان گریمانەی ڕوودانی دەکرێت.

لە ڕۆماندا گێڕانەوە توانای خولقاندنی تەکنیکی جیاوازی هەیە، گێڕانەوە دەتوانێ لەڕێگەی یادەوەری زمانەوە بەرەو یادەوەری کارەکتەر هەنگاو هەڵبنێ، ئەوەیان بابەتێکی گرنگی ئەدەبی گێڕانەوەیە کە کۆی ڕۆمان بریتیە لە چۆنیەتی ئەنجامدانی پرۆسەی گێڕانەوە، ئەو ڕۆمانەی کە گێڕانەوە تیایدا باڵادەستە سەرنجمان بۆ شێوازی گێڕانەوە ڕادەکێشێت، تا سەرلەنوێ لەگەڵ ڕۆماننووس هەوڵ بدەین ڕووداوە پارچە کراوەکان لە زهنی خۆماندا ڕێکبخەینەوە، وەک ئەوەی مۆنتێری فیلمێکی سینەمایی بین، دوای وێنەگرتن، دیمەنە پچڕاوەکان لەیەکتر نزیک بکەینەوە، ئەوەش بەتەنیا ڕێکخستنەوەی ڕووداو نییە، بەڵکو چۆنیەتی خولقاندنەوەی ماناشە، ئەو تەکنیکە خێرا پەڕییەوە ناو هونەری سینەمایی و دەرهێنەرەکان هەوڵ دەدەن بەشێوازی جیاواز چیرۆکی فیلمەکە بگێڕنەوە، تاوەکو بینەر بەشدار بێت لەساتەوەختی ڕێکخستنەوەی دیمەنەکان و هەمیشە لەتەک کامێرا و وێنەدا بەشدار بێت لەکۆی پرۆسەی بینین و کردەی وەرگرتندا، ئەوە گرنگیی گێڕانەوەیە لەکۆی ژانرە جیاوازەکانی ئەدەب وهونەر کە بەپێی سەردەم و زەمەنەکانیش گێڕانەوە گۆڕانی تەواوی بەسەردا دێت و گێڕەرەوەکان کە بریتین لە ڕۆماننووس و نووسەر و دەرهێنەر و ڕۆژنامەنووسان، بەو شێوازەی دەیانەوێت ئاوا ڕووداوەکانمان بۆ بگێڕنەوە.

بۆ هونەری شانۆش لەدایکبوونی یەکەم هەوڵەکانی شانۆ سەرهەڵدانی گێڕانەوەیە، بەوپێیەی یۆنان وەک شوێنێک بۆ لەدایکبوونی فەلسەفە و شانۆ دەبێتە سێنتەری پرۆسەی بیرکردنەوە، بۆیە شانۆ و فەلسەفە لە دوای مەرگی سوکرات، وەک زمانی گوزارشتی هەردووکیان دەگەڕێنەوە سەر گێڕانەوە، لەبەرئەوە دۆخێکی سرووشتیە کە گێڕانەوە زمانی ڕاستەقینەی شانۆ بێت، ئەو زمانەی ئەرستۆ وەک یەکێک لە بنەما سەرەکیەکانی هونەری شیعر سەیری دەکرد، بەواتا لە یەکەم ساتەوەختە تیۆرییەکان بۆ هونەری شانۆ گێڕانەوە وەک ڕەگەزێکی سەرەکی سەیر کراوە کە تیایدا گێڕەرەوە زەمەنی یادەوەری دەکات بە زەمەنی شانۆیی، ئەو کاتەش یادەوەری دەبێتە گێڕانەوەی شانۆیی کە نەک بەتەنیا لە شانۆی یۆنانیدا، بەڵکو لە زۆربەی شێوازەکاندا ئەو شێوازی گێڕانەوەیە جەختی تەواوی کراوەتە سەر، وەک لە شانۆی مۆنۆدرامی و هەوڵەکانی ئەکتەری ئەڵمانی جۆهان براندیز بۆ شانۆی تاکە ئەکتەری، شتێک نییە جگە لە گێڕانەوەی کۆی ڕووداو لەڕێگەی چوونە نێو یادەوەرییەوە لە ڕێگەی دیالۆگەوە.

گێڕانەوە خولقاندنەوەی مێژووە لە ئێستادا، بەڵام ئێستایەک پەیوەست نییە بە زەمەنی گێڕەرەوە، گێڕەرەوە کە نووسەری شانۆنامەیە لە هەوڵی بە مێژووکردنی شانۆدایە، ڕووداوەکانی ژیانی ئۆدیب و ئەنتیگۆنا و ئەلیکترا و شالیر و هاملێت و دەزدەمونە و ماکبێس درێژەی ئەو پرۆسە بەشانۆکردنەی مێژوون، ئەوە تۆمارکردنەوەی ئەرشیفی مێژوو نییە بۆ شانۆ، بەڵکو لەچوارچێوەی درامای ئەرستۆیی دەنووسرێتەوە، شاعیران و نووسەران لە دنیابینی شیعری و جیهانبینی شانۆییانەوە دەڕۆنە ناو مێژوو، تا لەوێوە سەرلەنوێ ژیانێکی تر ببەخشنەوە بەو مرۆڤانەی بیرچوونەتەوە ، وەک ئەوەی ویژدانی ئەوان و ئاستی ئەخلاقییان دەیەوێت ئاوا سەیری یادەوەری دەکەن، ئەوە چ هەستێکی ئەخلاقیە لەبەرامبەر تاوانی کوشتن ئەو پەڵە خوێنانەی سەردەستی لیدی ماکبێس لێنابنەوە و دەبنە بونیادێکی گرنگ بۆ چەمکی شێتی.

گێڕانەوە وەک ئەو بونیادەی گێڕەرەوە زانیاریمان لەبارەی چیرۆکێک پێ دەبەخشێت و دواتر ئەرستۆ تیۆریزەی دەکات، وەک یەکێک لە ڕەگەزەکانی درامای ئەرستۆیی دەیناسین، تا ساتەوەختی دەرکەوتنی برێشت گێڕانەوە لەو ڕێسایە بەرەو تێکشکان ناچێت، برێشت گێڕانەوە ڕەتناکاتەوە هێندەی دەیکاتەوە بە زمانێکی شانۆیی، زمانێک بەتەنیا یادەوەری ڕابردوو نییە، بەڵکو ئاگایی یادەوەریە، ئەوە یادەوەریی شانۆکارە، ئێستای ئەو خۆنواندنە لەناو یادەوەری.

گێڕانەوە لە شانۆی برێشتدا کە شانۆیەکی نائەرستۆییە، کەچی هەوڵی ئەکتەر بریتیە لەکۆی چیرۆکێک کە دەیگێڕێتەوە، ئەکتەر لەوێدا کاری گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ناو تێکستە بۆ ئەوەی بینەران ڕووبەڕووی بیرکردنەوە بکاتەوە، بۆیە گێڕانەوە بەپێی خاسیەتی نووسەر وهونەرمەند گۆڕانکاری بەسەردادێ و هەمیشە پرۆسەی گێڕانەوە هەوڵێکە بۆ چۆنیەتی نووسینەوەی ڕووداوەکان.

لێرەوە گێڕانەوە دەچێتە ئاستێکی ترەوە، ئاستێک وەک ئەوەی ببێتە سەرەتای بیرکردنەوە لەشێوازی جیاواز بۆ گێڕانەوە، ئەوەش تێکشکاندنی ڕێسای باوی شانۆییە، لەو کاتەدا گێڕانەوە نابێتە ململانێی درامی بۆ ساتەوەختی قووڵبوونەوە لەناو ڕووداو، بەڵکو ئەکتەر ئینتیما بۆ ڕووداو دەکات بەپێی چوونە ناو یادەوەریەوە، چونکە ئاگایی خۆی وەک مرۆڤ ناباتە ناو یادەوەری، ئەوە ئاگایی کارەکتەرە لەناو یادەوەریدا، ئاگایی مرۆیی لە هەر ساتەوەختێک توانای پرسیارکردن و گومانکردنی هەیە لە زەمەنی یادەوەری.

ئەوە ڕزگارکردنی گێڕانەوە بوو لەناو ڕێسایەک کە هەمیشە مرۆڤ لە نائاگاییدا دەژیا و لەناو ئاگایی کارەکتەردا توابووەوە، لێرەوە ئاراستەیەکی تر دەدۆزینەوە کە چۆنیەتی خولقاندنی گێڕانەوەیە، بەو کارەش یادەوەری ئازاد دەبێت.. دەجوڵێتەوە.. توانای زیندەگی هەیە، تاوەکو بتوانین پرسیاری ئاراستە بکەین.


ئاراستەکردنی پرسیار بەواتای وەرگرتنەوەی پیرۆزی لە مێژوو، بە مرۆڤ بینین وەک ناوەندگەرێتی پیرۆزی، بۆ خۆی گەڕانەوەیە بۆ ئەو ساتەی کە کارڵ مارکس مرۆڤ وەک بەنرخترین سەرمایە دەبینێ، شانۆکەی برێشت لە قووڵایی فیکری ماتریالیزمی دیالەکتیکەوە لەدایک دەبێت، بۆیە فەلسەفەی مارکسیزم توانای کۆمەککردنی هەیە لەپێناو خولقاندنەوەی گێڕانەوە، ئەوە لەکاتێکدا خراپترین ناونان کە هەمیشە بەسەر شانۆکەیدا دەسەپێنرێت، شانۆی داستانیە، هەڵبەت شانۆی برێشتی شانۆیەکی دیالەکتیکیە و ناوبردنی بە شانۆیەکی داستانی لەبنەڕەتدا خنکاندنی شانۆکەیەتی.

لەگەڵ ئەزموونی ئارتۆ لە شانۆدا هەریەکە لە برێشت و ئارتۆ دوو شێوازی جیاواز بۆ گێڕانەوە دەخەنە ڕوو کە گێڕانەوەی شانۆی فەلسەفیە، گێڕانەوە لەلای ئارتۆ تێکشکاندنی ڕێسای ئەرستۆیی نییە وەک لەلای برێشت هەیە، بەڵکو وێرانکردنی تەواوی دیدی فەلسەفی ولۆژیکی درامیە و خولقاندنی شانۆیە وەک فەلسەفە، لێرەدا گێڕانەوەش دەبێتە گێڕانەوەی جەستە لەڕێگەی پرسیار لەبارەی بوون و یادەوەری و خەونبینین و خولقاندنی وزە شاراوەکان، ئەو سەرەتایە بۆ گێڕانەوە بنیاتنانی فەلسەفەی تایبەتە بە گێڕانەوەی درامی، کە گێڕانەوەی کارەکتەر نییە، بەڵکو ئامادەبوونی جەستەی ئەکتەرە لە پانتاییدا، ئەوەش پرۆژەیەکە بۆ تەواوکردنی وێنەی شانۆیەکی فەلسەفی کە بوونی ئەو شانۆیە پەیوەست نەبێت بە وتە وتراوەکان، بەڵکو لەڕێگەی بینینەوە شانۆ فەلسەفە دەخاتە ڕوو.

بۆیە شانۆی فەلسەفی بەتەنها لەسەر مەرگی تراژیدیا دەرنەکەوت، بەڵکو ڕێساکانی گۆڕی و دەروازەی بۆ هەوڵ و تەقەلای ئەڵتەرناتیڤ کردەوە کە بتوانرێت ڕووبەری خاڵی بۆ نووسینەوەی شانۆ بنیات بنرێت و چیتر پێویستمان بە ڕێسا و لۆژیکەکانی پێشوو نەبێت، ئەزموونی شانۆی پۆڵەندی و کارەکانی ڕۆبەرت ولسن و تاداشی سوزوکی دەرخەری وێنەی ناو شانۆی فەلسەفین کە هەریەکە لەوانە پێویستی بە پڕۆژە و کتێبی سەربەخۆیە، بۆیە هەمیشە ویستوومانە توێژینەوە و نووسینی تایبەتیان بۆ تەرخان بکەین.

# تراژدیی کۆڵبەری لە ژیانی مندا!

ئارام فەتحی



بیستبووم کە کۆڵبەری چەندە پرمەترسییە و چەندە دژوار! لە زانکۆی پەیام نووری مەریوان خەریکی خوێندن بووم؛ وانەی زمانی کوردیشم دەگوتەوە، بەڵام تێچووم زۆر بوو، بۆیە هەرتاوێک و ڕووم دەکردە تیکە کارێک کە هەم بەشی مەزاخی ڕۆژانەم بکات و هەم بە زانکۆ و کاروبارەکانیشم بگەم. ئەوەش بە تەنها من وا نەبووم؛ زۆربەی ئەو هاوڕێیانەی کە لە زانکۆ خەریکی چالاکیی خوێندکاری بوون، دەبووا خەریکی ئیشکردنیش بوایەن؛ کە بەهۆی نەبوونی کاری شیاو و بەکەڵک، چەند کەسێکمان ڕوومان هێنابووە کۆڵبەری. کۆڵبەری بۆ هیچ بنەماڵەیەکی شارێکی سەرسنووریی وەک مەریوان نامۆ نییە. زۆرێک لە کەسوکارم ئەو کاتانەی من منداڵ بووم، بۆ بژێویی ژیانیان ڕوویان لە کۆڵبەری کردبوو. تەمەنم 10 ساڵان بوو، باوکم دەبووا بە ڕۆژ بچێتە بەردەستی وەستایەک هەتا فێری ئیشەکەی بێت و بە شەویش لەگەڵ برا و خزم و ڕفیقەکانی دەچوو بۆ کۆڵبەری. لەو تەمەنەدا کاتێک باوکم بە نیوەشەو دەهاتەوە و بە بزەیەکەوە دەیگوت:ئەمشەو سێ جارمان کردووە! (مەبەستی ئەوە بوو سێ جار باری لەمسەر بۆ ئەوسەر گواستووەتەوە) جاری واش بوو تەنها هەناسەیەکی هەڵدەکێشا و بڕێجاریش جنێوی دەدا. ئەو کاتانەی من پڕبوو لە چیرۆکی ڕاکردن و گیران و بەخیرەت بوون و نەبوونی کەسەکان کە چۆن لەو تاریکییەدا و لەناو شەوی ئەنگوستەچاودا لە تەنیشت فلانە پاسگا تێپەڕیون؛ یان فلانە شوێن کەمین بووە و کێ کەسەکانی تری ئاگادار کردووەتەوە؛ بەگشتی بۆ منی منداڵی ئەو کاتە، هەزارەها فیلمی سینەمایی دەژیا کە لەگەڵ هەر بەسەرهاتێکیدا چاوم زیت دەبووەوە و قارەمانێتی باوکم و کەسەکانی ترم تێدا دەدیت. هەتا وردە وردە هاتمە تەمەنی لاوێتی و هەمدیسان لە قوتابخانە چەند هاوڕێیەکم دەچوونە کۆڵبەری و ئەم خولیایە لە زەینی مندا تەنها وەک خەو، وەک خەیاڵێک مابووەوە. زۆر جار باوک و وانم دەچوونە پرسە؛ پرسەی ئەو کۆڵبەرانەی کە لەسەر سنوور بە گوللە دەکوژران، یان لە تاو ڕاونان و وەدووکەوتنیان بەر ڕێگای مینرێژکراو دەکەوتن. بۆیە من هەمیشە کۆڵبەریم وەک ئیش و کارێکی گشتیی خەڵک دەبینی، لەبەرئەوەی هەر بنەماڵەیەک و یەک یان چەند کەسیان کۆڵبەرییان کردبوو. لە قوتابخانە هاورێکانم بە هۆی دەستەنگی خەریکی کۆڵبەری بوون. زۆربەی ئەو قسانەی لە کاتی کۆبوونەوەمان لە حەوشەی قوتابخانە دەکرا، گێڕانەوەی چیرۆکی شەوانەی ئەوان بوو لە باشماخ و بایەوە و بناوەسووتە و... هەموو کەس دەیزانی شوێنی وەستان و سوارکردن و دابەزاندنی کۆڵبەرەکان لە کوێیە، هەر بەو جۆرەی دەمانزانی نەخۆشخانە و ژاندارمری و فلانە مزگەوت لە کوێیە! دەمانزانی کۆڵبەرەکان شەو لە کام شەقام چوار پێنج کەسی، سەیارەکان سواریان دەکەن و لە کوێ دایاندەبەزێنن. بەسەرهاتەکانیان، قسە خۆشەکانیان وەکوو بیرەوەری سەردەمی سەربازی و زانکۆ بۆ یەکتر دەگێڕایەوە. ئەو ساڵانەی لە دواناوەندی بووم، بۆ ماوەی دوو ڕۆژ چوومە ژووری کۆڵبەریی یەکێک لە مامەکانم لە ئاوایی باشماخ. دێهاتێک تەنها ئەسپ و هێسری لێ بوو؛ هەر ژوورێک و چوار پێنج کەسی لێ دەژیا. هەموو شتێکی ناو ژوورەکە مێشی لێ نیشتبوو، پیسوچەپەڵ، تا حەز بکەی بۆنی سەنیر لەو ژوورە دەهات. منداڵێکی لێ بوو ناوی هادی بوو، چەتوون، باڵا بچکۆل بەڵام دەمپیس و ڕوودار؛ پێشتر پێکەوە لە یەک قوتابخانە بووین، ئەو لە من منداڵتر بوو، پێم سەیر بوو کە چۆن لێرە خەریکی وڵاخدارییە و من نەمزانیبوو! هادی شەوەکەی لە یەکێک لەو کوڕانە دەپاڕایەوە کە بهێڵن ئەمشەو خۆی ئەسپەکەی ببات. پێیوابوو بەو شێوەیە بەغیرەتبوون و پیاوبوونی دەسەلمێنێ. هادی باوکی نەبوو؛ منداڵێکی هەتیو؛ بە منداڵی خاڵێک خوێن کەوتبووە مێشکییەوە. لە قوتابخانە زۆربەی منداڵەکان لێی دەترسان، تەنانەت ئەوانەش کە لە خۆی گەورەتر بوون. باجی لە هەمووان دەسەند؛ هادی نوێنەری منداڵی ئەوکاتی قوتابخانەکەمان بوو، قوتابخانەی گەڕەکەکانی تەکێ و دارسەیران و کەمەربەندی! من و هادی هاوڕێ نەبووین، بەڵام پێشتر کە زۆر منداڵتر بووین، پێکەوە ڕۆیشتبووین بۆ شەڕە کوڵان. ئێمە منداڵانی کەمەربەندی بۆ منداڵانی گەڕەکی چوارباخییەکان.

لەوێ من بەشێکی دیکە لە هادیم بینی: هادیی سەرسنوور و شەوانی بەر پاسگام بینی. هاوڕێی زۆرم خەریکی کۆڵبەری بوون؛ یەک لەو هاوڕێیانەم باوەژنی هەبوو، باوکیشی تێچووی بۆ دابین نەدەکرد بۆیە دەچووە سەرسنوور و دوای ماوەیەک ئیتر نەیتوانی درێژە بە خوێندن بدات. ناوی سەیوان بوو؛ هەمیشە بۆ هەر کارێک کە نەختێک بوێری پێویست بووایە ئەو یەکەم کەس بوو؛ بەتەواوی ڕاستگۆ. سەیوان دوو برا و سێ خوشکی تری هەبوو کە لە لای دایکی خۆیان دەژیان، بەڵام ئەوانیش ژیانیان زۆر بە دژواری تێدە پەڕاند.ماڵیان لە بەرزترین شوێنی شار بوو، ئەوێ کە ئاوی پێ نەدەگەیشت و ئەوەندە بەرز بوو خەڵک زستانان بۆ خلیسکێن دەچوونە ئەوێ. من پێم خۆش بوو ئەو جۆرە لە ژیانی هاوڕێکانم تاقی بکەمەوە. هەمیشە پەلم بۆ ئەزموونەکان هاویشتووە و خۆمم تێخستوون. ئاشقی ئەزموونکردن بووم؛ بەتایبەت ئەزموونی مەترسییەکان. منی ئەو تەمەنە پێم خۆش بوو بزانم بە شەودا ڕۆشتن بە ترس و دڵەڕاوکێ بەناو ئەو دەوەنانەدا یانی چی؟ چ هەستێکی هەیە؟ پێم خۆش بوو بکەومە مەترسی و ڕاکەم و دواجار وەک ئەوان باسی چیرۆکەکانم بگێڕمەوە! بەڵام باوکم بە هیچ شێوەیەک ڕازی نەدەبوو بچمە کۆڵبەری. پێم سەیر بوو؛ ئەی خۆت بۆ ئەو چەند ساڵە دەڕۆیشتی؟! پێموابوو ئەو بە حەزی خۆی کۆڵبەری هەڵبژاردبوو!

هاوڕێیانی کۆڵبەری زانکۆم نزیکترین هاوڕێی خۆشی و ناخۆشیم بوون. ئێمە سێ کەس بووین پێکەوە. هەموو کات؛ بەڵام لە مەرز (دەڵێم مەرز لەبەر ئەوەی کۆڵبەرەکان دەڵێن مەرز).. ”مەرزەکە دوو نەفەر“ ئەمە هەموو منداڵێکی ئەم شارەی ئێمە بیستوویەتی و هەمیشە وێردی سەر زمانمان بووە. تەنانەت بە دیوارەکانی ئەم شارەشەوە نووسراوە. شۆفیری ماشینەکان دەیانقیڕاند: مەرزەکە دوو نەفەر. یەک لەو سێ کەسەمان لەگەڵ کۆمەڵێک هاوڕێی ترمان کە ئەوان لەمێژ بوو کاری کۆڵبەریی گازوایلیان دەکرد شەریک بوو. من و هاوڕێکەی ترم پێکەوە کارمان دەکرد. ئەم کۆڵبەرییەی ئێمە لەگەڵ کۆڵبەرییەکانی سەردەمی باوکم و بناوەسووتە زۆری جیاواز بوو. شا و گەدا بوو. ئێمە شا! ئێمە تەنها بە ڕێگەی ناو سنووری خودی باشماخدا تێدە پەڕین، بە درێژایی نزیکەی دوو کیلۆمەترێک. لەمدیوی تەلبەندەکە دەبەکانمان لە کەسەکان دەگرت و یان دەمانخستە سەرشان یان بە دوو دەست هەڵمان دەگرتن. بڕێکمان هەم دەبەمان لە کۆڵمان دەنا و هەم بە دەستیش هاوکات دەبەی ترمان هەڵدەگرت. دەبوو لە تەلبەندەکە تێپەڕین و لە پەنادیوارەوە خێرا بڕۆین و چاویش بگێڕین ماشینی پاسگاکە نەیەتە خوار و بمانگرێت. ئەگەر (نیروو) نەبووایە دەچووین تا دەگەیشتینە تەنیشت کامیۆنەکان و لەوێ بەوانمان دەفرۆشت. ئەوان لە باکی ماشینەکەیان دەکرد و بەو شێوەیە دەیانگواستەوە بۆ باشووری کوردستان. کامیۆنەکان هەموو لە پارکینگێکی گەورەدا بوون. دەبەی دوو هەزار، هەزار و پێنسەد، بڕێجاریش سێ هەزار تمەنی تێدا بوو. بەڵام ئەگەر دەبەکە دەستی بەسەردا بگیرایە دەبوو ئێمە بۆ هەر دەبەیەک یازدە هەزار تمەن بدەینەوە بە خاوەنبارەکە. جاری وا بوو هەر بەیانیی زوو تا نیوەڕۆ کارمان دەکرد، نیوەڕۆکەی دەبەیەکمان دەگیرا و ئیتر ئەو ڕۆژە ڕەنج بە خەسار دەچووین، چی پارەمان گرتبوو دەبوو بماندایە بە قەرەبووی بارە گیراوەکە. ئیتر با ماندوێتی و پشتئێشە و کرێ سەیارەی هاتوچۆ بۆ سنوور بوەستێ. وەک هاوڕێکەم دەیگوت: بەشی تایتی جلەکانیشمان بۆ نەماوەتەوە.

کاتێک سەیارەی ئەمنیی پاسگاکە دەهاتە خوار، دنیامان لێ دەهاتە یەک. دەبەمان دەخستە ژێر لاستیکی سەیارەکان. جاری وا بوو دەیاندۆزییەوە. کێشە و ترسی بەفیڕۆچوونی ڕەنجەکەمان زۆر بوو! هەر لە سەرەتاوە دەبوو ئاشنا و دۆستت ببێت هەتا متمانەی ئەوەت پێ بکات گازوایلت پێ بدا بیبەی بیفرۆشی و دواتر پارەکەی بۆ بێنیتەوە. دەبووا لە خواریشەوە بە هەمان شێوە شۆفێری کامیۆنی مشتەری و ئاشنات بێ هەتا لێت وەرگرێت. زۆر جار کە دەگیراین لەبەر ئەوە بوو دەبەکان بەسەر دەستمانەوە مابووەوە و ئاشنایەک نەبوو لێمانی بکڕێ، تا وای لێ دەهات هێزی ئینتزامیی سەرسنوور دەیگرت. زۆرجار لە چەندین شۆفیر دەپاڕاینەوە کە دەبەکانمان لێ بکڕێت تا نەیگرن. بەڵام ئەوانیش دەلاڵی خۆیان هەبوو بۆیە دەلاڵەکان ئەسڵی کاری بوون کە لێمان بکڕن یان نە. جاری وا بوو هیچ کرێیەکمان نەدەسەند و بە هەمان پارەکەی خۆی پێمان دەدان لەبەر ئەوەی بیکڕن و یەکسەر نەبێتە زەرەر بەسەرمانەوە، چش لە ماندوێتی و زەحمەتەکەی. لە هەمووی ناخۆشتر ئەو هەستی پاڕانەوە بوو کە بەدوای شۆفیرێکدا دەگەڕاین فریامان بکەوێت. وەها تەنگمان پێ هەڵچنرابوو کە ڕەحممان بە یەکتریش نەدەکرد. کاتێ دەبە گازوایل دەهات بە پرتاو ڕاماندەکرد بۆی و هەرکەسە و خێرا بگەیشتایە. جاری وا بوو بیست کەس بە ماشێنێکدا هەڵدەزناین بۆ ئەوەی دەبەمان بەربکەوێت! وەک سەردەمی ئاوارەیی و کۆڕەو. لەناو قوڕ و چڵپاودا بە جلوبەرگی کار و گازوایلاوی. کەسی وای تێدابوو خوا خوای بوو باری کۆڵبەری تر بدزێت، هەم بەزەییم دەهاتەوە و هەم ڕقم لەوە دەبووەوە. کۆمەڵێک مرۆڤ بووین یەک لە یەک داماوتر، ئەوجا دزیش بکەین لەناو خۆماندا ئیتر بزانە... هەر ڕۆژە و شتانێکم دەدی کە ژیانیان تێدا بوو ژیانی ڕاستەقینە؛ بڕێجار دیمەن و تەسویرەکان ئەوەندە دڵتەزێن بوون کە لە ژیان ناهومێدی دەکردم. زۆرجار شەرم دەیگرتم کە چۆن تا ئێستا ئەم شتانەم نەدیتووە. ڕۆژانە چایی و کێک لەوێ دەفرۆشرا بەڵام کەمتر کۆڵبەرێک شتێکی بکڕیایە، مەگەر ئەو ڕۆژە داهاتی باش بوبێت تا لە کۆتاییدا چایی و کێکێکی بخواردایە. بڕێجار بۆ وچاندان لەلای کامیۆنەکان دادەنیشتین، لەوێ چەند منداڵێک کەڵەشێر و مریشکیان دەهێنا بۆ فرۆشتن. شێوە و ئەدەبیاتی قسەکردن، پێڵاو، جلوبەرگ، تەنانەت شێوەی دەست ڕاوەشاندن و جووڵەی لەشی کۆڵبەرەکان تایبەت بوو. بەو فەزا و دۆخەوە کە لە دەوری یەکی کۆکردبووینەوە.

دەمانبینین، سەیارەی ساف و لووسکە کە لە جادەوە تێپەڕ دەبوون! بیرم لە منداڵیی خۆم دەکردەوە، لەو حەسرەتانەی بووم، لەوەی کاتی وا بوو دەمم بۆ دۆندرمەیەک پڕ دەبوو لە ئاو و دۆندرمەش بە لێوی منداڵێکی ترەوە بوو. ئێمە لەو کاتە کرێنشین بووین، بۆیە هەمیشە پێموابوو ئەوەی خانووی هەبێ دەوڵەمەندە و ئەوەشی کە خانووی خۆی نەبێت هەژارە. دنیام وەها دابەش کردبوو؛ هەموو کات وەها شتەکان هەڵدەسەنگێنم و مەزندەی دەکەم. ئەوەی سەیارەی ساف و لووسکەی بوو دەوڵەمەند و ئێمەی کۆڵبەریش هەژار. مەگەر چینی ناوەندیی کۆمەڵگا خۆیان وەها هەڵنەدەسەنگاند؟ دەوڵەمەندەکان ئەو کەسانە بوون کە پارە و مڵک و ماڵی زۆرتر لەوانیان هەبوو.

من بە شتێکی ئەو سنوورە زۆر کەیفم دەهات، هاتوچۆکەی! لە گۆڕەپانی ئیستادیۆم دەبووا سواری مینیبووس ببین. ڕۆشتنی مینیبووسەکە، خەڵکەکەی ناوەوەی، جیاواز لە هەمووی گۆڕانییەکانی کە شۆفیرەکە دەیخستە سەر و دیمەنی ناوچەکە؛ هەستم دەکرد گەڕاومەتەوە پەنجا ساڵ لەوەپێش. بەڵام جا چ کەڵک! لەو ماوەیەی من دەڕۆیشتمە کۆڵبەری هەتا ڕۆژێک بار ببووایە سێ ڕۆژ نەبوو؛ ڕۆژێک سەیارەی پاسگاکە دەڕژانە ناو سنوور و ئیتر ڕێگەی جووڵە نەدەما و ڕۆژێ دەبووە با و بۆران، ڕۆژێ بار کەم دەهات. هەموو ڕۆژ وەک مەیتێک (مردوویەک) دەگەیشتمە ماڵ و بێ هیچ! تا شەویش لە تاو ماندوێتی نەمدەتوانی هیچ بکەم. ئەوی زیاتر ئازاری دەدام بارە دەروونییەکەی ئەم کارە بوو. پاڕانەوە، سووکایەتی و تەحقیر، دیتنی ژیانی خەڵک بەتایبەت کەسی بەتەمەن و منداڵی زۆر تەمەن خوار؛ منداڵێک کە هاوتەمەنەکانی ئەو هەر لەو شارەدا و لەو ساتەدا یان خەوتوون یان خەریکی یاریی کۆمپیوتەری بوون.

جاری وا بوو هەموومان لە دوورەوە دەمانحیلاندە سەیارەی پاسگاکە و کە دەهات بۆمان هەموومان ڕاماندەکرد. لە ناو خۆیشماندا متمانەمان بە یەکتر نەبوو! ڕۆژێک دوو دەبە گازوایل بەدەستمەوە بوو، بەرەو کامیۆنەکان بەڕێکەوتم، زۆرێک کۆڵبەر لەوێ بووین، لەو پارکینگە، بەڵام کامیۆنەکان تەنها دەبەی ئەوانەیان وەردەگرت کە ئاشنا و خزمی خۆیان بوون؛ بۆیە من و کۆمەڵێکی تر لەو کەسانە هەر خولەمان دەهات و دەگەڕاین تا دەلاڵێک بدۆزینەوە پێی بفرۆشین. لەناکاو گوتیان ئەوە پاسگاکە هاتە خوار. بوو بە فرکەفرک، ڕامکردە ژێر کامیۆنێک و دەبەکانم لەوێ شاردەوە؛ جاری وا بوو دەچوویتە تەنیشت کامیۆنێک بەڵام بەر لە تۆ کەسی تر لەوێ دەبەی شاردبووەوە، بۆیە خێرا دەیگوت: نا خاڵۆ گیان..لایبە برا... ئەوەی منیش بە گرتن دەدەی. تەنها ڕوخسار!

ڕوخسار و شێوەی ڕوومەتی ئەو ساتانەی ئەم کەسانەم لەبیرە. سیمای بەدوای پەنادا گەڕان، سیمای پاڕانەوە و ناهومێدی و ترس؛ وەیلانی. لە پەنای ئەم سەیارە ڕامدەکردە ئەو سەیارە. نزیکەی کاتژمێرێک هەر خەریکی خۆشاردنەوە و خۆحەشاردان بووین. پەیتا پەیتا شوێنمان دەگواستەوە. دەستم ئیتر هێزی نەمابوو؛ ماوەی کاتژمێرێک زیاتر بوو بەو دەبانەوە فرکەمان دەهات. لە پەنای دەتۆنێک خۆمان حەشار دابوو؛ لە پڕێکدا هاتن بەسەرماندا. دەبەکانم هەڵگرت و هەڵهاتم! لە دوای کامیۆنێکی دیکە کە تێپەڕ بووم لە ناکاو دەنگێک گوتی: بندازش پایین! (یانی دایبنێ عەرز) پێش ئەوەی خۆی ببینم دەنگیم بیست، دەنگی خۆی و دەنگی گەلەنگەدەن کێشانی کلاشینکۆفەکەی. لەبەردەمما بەرانبەرم ڕاوەستابوو بە چەکەکەیەوە! گوتی: ولش کن زمین، زود. (یانی دایبنێ خوارەوە، خێرا) خراپ حەپەسابووم. یەکەمجار بوو لە ژیانمدا کەسێک چەک بەڕوومدا بکێشێ. هیچکات هیچ کەس ڕووی دەمانچەی لە من نەکردبوو! ئێستا کلاشینکۆفێک ئامادەی تەقەیە. سەربازێک بە چەکەکەیەوە پێنج مەتر دووری من ڕاوەستاوە. هێزێک کە ئەرکی پاراستنی ئەمنیەتی خەڵکە، هەمیشە خەڵک زۆرترین ترسیان لێی هەیە، لەو ساتەدا هەستم بەوە کرد! ترساندن و تۆقاندن دەبنە هۆی هەستنەکردن بە ئاسایش. لە ترسدا ناتوانی هەستی ئازادی بکەی؛ ئازادی یانی نەبوونی ترس!

ئاخر مەگەر من چیم کردبوو؟ دوو دەبەی دوو هەزار تمەنی، چوار هەزار تمەن، بەرانبەر بە کلاشینکۆفێک. من دەبەکانم گیران و دەبووا بیشمبژاردایەن بە خاوەنبارەکە. ئەو ڕۆژە هەرچی کرێبارم وەرگرتبوو، زەرەری ئەو دوو دەبە بردی. چەند ڕۆژێکی تریش ڕۆشتم. من هەمووی نەیبردە بیست ڕۆژ وازم لە کۆڵبەری هێنا؛ جیا لە باسی جەستە و ماندوێتی، بارە دەروونییەکەی تێکیدابووم. ئیتر نەمدەتوانی. بەڵام هاوڕێکانم هەر بەردەوام بوون؛ چونکە هیچ کارێکی تر نەبوو بیکەن!

لەم ماوەیەی کە بەشێکی زۆر لە کۆڵبەرەکانی شارە جیاجیاکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات گیانیان بەخت کرد، زۆر بیری ڕۆژەکانی خۆم و بەتایبەت شەوانی نەهاتنەوەی باوکم دەکەم! بیر دەکەمەوە گەر شەوێک لەجێی باوکم کەسێکی تر لە درگای بدایە و دایکم بە گریانەوە بهاتایەتە ژوورەوە، بە کۆست کەوتنەوە، یان باوکم بە لاقێکی پەڕیوەوە لەناو کێڵگەی مین بهاتایەتە ژوورەوە... بیر دەکەمەوە حەسرەتی لەدەستدانی باوک، چۆن پەروەردە بوون و گەورە بوون و ئەو هەموو حەزەی کە دەکوژرا. ئەو مووچەنانەی لە وێنەی دوای گیان لەدەستدانیان دەردەکەوێت دەمخاتەوە بیری بابۆڵە نانەکانی باوکم؛ دەمخاتەوە بیری ئەوەی کە ئاخۆ منداڵی کامەیان چاوەڕوان بووبێ باوکی بێتەوە وەکوو من گوێ لە چیرۆکەکانی، ئازایەتییەکانی و جوێنەکانیشی بگرێ! (ئەو ئازایەتییانەی لە ناخەوە وردی کردوون). کامەیان ئەو شەوە لەگەڵ ژنەکەی لالووت بووبێ؟ کامیان لەسەر سفرە تێهەڵچووبن و لە داخاندا نانیشی نەخواردبێ؟ کامیان هێشتا کرێخانووەکەی دابین نەکرابێ؟ برنجەکەیان، ڕۆنەکەیان بەش بکات؟ چیتان بۆ باس بکەم؟



گرافیک: حامید نیکخا